# بەرنامەی مەوادی خۆراک

ئایا حەز دەکەیت بە فێربوونی نەریتی خواردنی سویدی و نیودەولەتی؟
ئایا حەزدەکەیت بە گەران بە دووای کار یەکسەر پاش دواناوەندی؟
ئایا حەزدەکەیت بە کارکردن یان خوێندن لە دەرەوەی وولات؟
ئایا حەزدەکەیت بە دەست پێکردن بەکۆمپانیای تایبەت بە خۆت لە ئاییندە؟
ئایا حەز دەکەیت بە بەدەست هێنانی فێربوون کە هەلی باشی کارکردنت بۆ دەرخسینی؟
کەواتە بەرنامەی مەوادی خۆراک لەوانەیە گوونجاو بێت بۆت.

لە بەرنامەی مەوادی خوراک زانیاری یەکی زۆرت دەست ئەکەوێت لەبارەی چۆنیتی بەرهەم هێنان و مامەلەکردن لەگەڵ خواردن. بەلام هەروەها دەتوانی هەلبژێریت و لێهاتووبیت لە شتێکدا کە بەشێوەیەکی تایبەتی سەرنجت رادەکێشیت. تەنها بیرکردنەوە لەسەر چونیەتی کاریگەری خواردن لە سەرژیانی رۆژانەماندا، و چەند گرنگیتی هەیە لە ئاهەنگەکانماندا و جۆری جیاوازی و هەبوونی خواردنی جۆراو جۆر!ئەوسا بەتەواوی دەزانی قەبارەی بواری پیشەی مەوادی خۆراک و هەلبژاردە رەخساوەکانی بۆت.

کۆمبانیای تایبەتی زۆر هەیە لە بواری مەوادی خۆراک. لەبەر ئەوە ئەو بنەرەتیانەت دەست دەکەوێت کە پێویستت پێ یەتی بۆ ئەوەی کۆمپانیایەکی تایبەت بەخۆت دەست پێ بکەیت لەئاییندەدا.

بواری پیشەی خۆراک بواریکی نیودەولەتی یە. لە ریگای شارەزایی لە زمان وبایەخدان بە کەلتورەکانی تر، هەلی باشت بۆ دەرەخسی یان خوێندن لەدەرەوەی وولات پاش تەواو بوونت لە خوێندن لە بەرنامەی مەوادی خۆراک.

## کارکردن یان بەردەوام بوون لە خوێندن

ئەگەر بەرنامەی مەوادی خۆراکت هەلبژارد دەتوانی بەدووای کاردا بگەرییت یەکسەر پاش قوتابخانەی دواناوەندی. جۆری کار کەدەتوانی بەدووای دا بگەرییت بەندە لەسەر ئەو خۆلانەی خوێندن کە خویندووتە لە قۆناغی دواناوەندی. هەندێ جار دەست دەکەی بەکار وەک مەشقپێکراوێک لەسەر پیشەکە بۆ ماوەی سالێک یان چەندین سال. مووچەی مەشقپێکراو لەسەر پیشەت پێدەبەخشری و کاردەکەیت لەگەڵ کەسانی مومارس لە پیشەکە تا لیانەوە فێر بیت. چونکە ئەم کەسانە شارەزایی تایبەتیان هەیە وکاردەکەن لە بواری تایبەتی یەکەت بۆ ماوەیەیکی دریژ.

ئەگەر ویستت تۆش دەتوانی بەردەوام بیت لە خوێندنەکەت پاش قۆناغی دواناوەندی، دەتوانی بەردەوامبوونت لە خوێندنەکە هەلبژێری لە پەیمانگایەکی پیشەیی بالا یان خوێندن لە زانکۆ و پەیمانگای خوێندنی بالا.

## ئەوکارانەی کە دەتوانی بەدەستیان بێنی

کاتیک تەواو ئەبێت لە خوێندنەکەت لە بەرنامەی مەوادی خۆراک بۆ نموونە دەتوانی بگەریی بەدووای کاریک وەک نانەواکەر، شیرینی فرۆش، کارمەندی سەربرینی، گۆشت فرۆش، یان یارمەتی دەریک لە کۆگایەکی.

## ناوەرۆکی بەرنامە

بەرنامەی مەوادی خۆراک پێکدیت لە چەندین خولی خوێندن. هەندێک لەم خولانەی خوێندن بەزۆرە بۆهەموو قووتابیان لە قووتابخانەکانی دواناوەندی. لەکاتێکدا خولی تر هەیە کە تایبتمەندە بە بەرنامەی مەوادی خۆراک. و هەندێک خولیش بەخۆت هەلیدەبژێریت.

ئەم بەرنامەیە بواری تایبەتی نیشتمانی نی یە. لەجیاتی ئەوە قوتابخانە هەلی دۆزینەوەی بواری تایبەتیت بەخۆی بۆ دەرەخسینی. نموونە لەسەر ئەم تایبەتی یانە نانەواخانەو هەویرەمەنی، سەوزەو میوەمەنی، چایخانەکان، دووکانی شیرەمەنی وبەقالی، گۆشت فرۆشی، سەربرین و دروستکردنی خواردن.

لەوانەیە ئەو بوارە تایبەتمەندانە کە سەرنجت رادەکێشی لەشوێنی نیشتەجیبوونت نەبی، پرسیار لە بکە لە سەرپەرشتیاری خوێندن و هەلەبژاردەکانی پیشەیی لە بوارە تایبەتی یەکانی و لە چی شوێنیک لە وولات کە مرۆڤ دەتوانیت لی بخوێنیت، ئەوسا هەلی وەرگرتنت بۆ خوێندن بۆ ریکدەکەوی بەهەرحال.

## پەیوەندی بە ژیانی پراکتیکی

لەریگەی بەرنامەی مەوادی خۆراکەوە پەیوەندیت دەست ئەکەوێت بە ژیانی پیشەیی یەوە لەکاتی خوێندن لە قۆناغی دواناوەندی. و بەلایەنی کەمەوە 15 هەفتە لە مەشق پێکردن دەست ئەکەویت لە شوێنی کارکردن (APU). قوتابخانە هەلدەستی بە هاوکاری لەگەڵ کۆمپانیای جیاواز و شوێنی کارکردن بە ئامادەکردنی شوێنی مەشق پێکردن بۆت لەوناوچەیەی کە نیشتەجیی. مەشق کردن لە شوێنی کارکردن ئامرازیکیی باشە یارمەتیت دەدات بتوانی پەیوەندی بەبەستی کە ئەتوانی بەکاری بهێنی کاتی پێشکەش کردن بۆ کارمەندیتی لەپاشان. ئەگەر ئەتەوێت هەلسی بە مەشق کردن لەشوێنیکی کارکردن لە وولاتیکی تر جگە لە سوید دەکرێت ئەوە رێک بخرێت.

## ئایندە و هەلی کار کردن

هەلی کاری زۆر هەیە لە بواری بەرنامەی مەوادی خۆراک. کاریکی باشە ئەگەر حەزبکەیت لە دۆزینەوەی هەلی کار یەکسەر پاش قوتابخانەی دواناوەندی. بەلام دەستکەوتنی کار بەندە لەسەر ئەو خولانەی خوێندنکە خوێندووتن، قەبارەی شارەزاییت پراکتیکی کە هەتە، و ئەگەر ئامادەباشی ئەوەت هەبێ بگوازرێیتەوە یان برۆیت بۆ شوێنیکارکردن لەناوچەیەکی دوور لەشوێنی نیشتەجیبوونت بۆ بەدەستهێنانی کار. زۆربەی کارمەندایەتی لە نانەواخانەکان دەست دەکەویت بەلام کارمەندیتی لە سەربرینگەو دووکانەکانی فرۆشتنی گۆشتیش هەیە.